

# شارپ نیازی هەیە گۆڕانکاری لە جیهانی لاپتۆپدا بکات

لەم هەفتەیەدا کۆمپانیای شارپی ژاپۆنی یەکەمین لاپتۆپی شاشە 14 ئینجی خۆی کە کوالتییەکەی زۆر سەرووی فول ئیچ دییە لە پێشانگای تایبەت بە نیشاندانی ئامێری دیجیتالی سەردەم نیشاندا. لاپتۆپی UH90 جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ لاپتۆپ یان تەبلێتی دیکەدا هەیە. بۆ نموونە کوالیتی و نیشـــاندانەکەی زۆر بەهێزە، ترانزیستۆری جۆری IGZO زۆر بچووکتر لە LCD تێدایە. وزەی زۆر کەم پێویستە. خاڵی جێگای سەرنج لەوەدایە ئەوکاتەی کە لاپتۆپەکەش دەکوژێتەوە ئەو لاپەڕەیەی کە کراوەتەوە لەسەر شاشەکە دەمێنێتەوە.



# گڵۆپی هۆشمەند هەم ڕووناکی و هەم هابی USB

لە پیشـــانگای کۆمپیوتێکسدا، گەلێك ئامێری دیجیتالی سەردەم وەك لاپتۆپ، نوتی بوك، تەبلێت و مۆبایلی هۆشمەند و...تاد. نیشاندران، لەگەڵ ئەوانەشدا گلۆپێکی هۆشمەندی خوێندنەوە ســـەرنجی زۆر لەوانەی هاتبوون بۆ پێشـــانگانە ڕاکێشا.

گلۆپی هۆشمەند واتە smart lamp جگە لەوەی ڕووناکێکی باشی هەیە بۆ خوێندنەوە، ئامێرێکی hapه بۆ لاپتۆپ. لەو پاپەدا جگە لە DVD player و زۆر شـــوێنی کێبڵی پێویست هەن، بۆ نموونە دوو شوێن بۆ USB، بۆ هێدفۆن، مایکرۆفۆن و کارت ریدەر.



# هاپی وایەرلەیسی ئەیسەر

ئەیسەر یەکێك لە داهێنانەکانی کە لە پیشانگای ساڵانەی کۆمپیوتێکس نیشـــانیدا بریتی بوو لە هاپی orbe. ئەیســـەر لە ناســـاندنی ئەو ئامێرەدا ڕایگەیاند کە ئەوە تەکنەلۆژییەکی نوێیە و دەتوانیت بەهۆیەوە زانیارییەکان لەسەر هاردی مەجازی ئەیسەر کە لە ئینتەرنێتدا هەیە خەزن بکەیت.

هاپی orbe لە ڕاستیدا هارددیســـکێکی 2 ترابایتییە کە بەشێوەیەکی وایەرلەیس دەتوانێت بە گشت لاپتۆپ و تەبلێت و مۆبایلێکی هۆشمەند پەیوەند بدرێت.

# ئولترابۆكێكی تایبەت لەلایەن سۆنییەوە

لە پێشانگای ساڵانەی تایبەت بە نیشاندانی ئامێری ئەلكترۆنی كە لەم هەفتەیەدا لە تایبەی تایوان كرایەوە، كۆمپانیای سۆنی ئولترابۆكێكی 13 ئینجی نیشاندا. ئولترابۆك لە راستیدا هەر لاپتۆپە بەڵام بە هەندێك جیاوازی بچووكەوە. لاپتۆپەكە پێچەوانەی هەر لاپتۆپی دیكە كە بەشی سەرەوەی دەكەوێتەوە سەر بەشی خوارەوە، واتە شاشەكە دەكەوێتە سەر كیبۆرد، لەو لاپتۆپەی سۆنیدا كە بە VAio Duo13 ناسراوە، دوو بەشەكە سلایدە و دەچێتەوە باڵ یەك. جگە لەوەش جیا لە شوێنی تاج پەد واتە ئەو بەشەی كە لەلاپتۆپدا كاری ماوس دەكات شوێنێكی تایبەتیش هەیە بۆ قەڵەمی هەستیار و لەمسی.

لەو لاپتۆپەدا تەنانەت گەر لە حاڵەتی كوژانەوەشدا بێت ئیمێل و كورتەپەیامەكان وەردەگرێت، باترییەكەی هەتا 15 كاتژمێر دانابەزێت، رامی لاپتۆپی ناوبراو 4 گیگابایتە و هاردەكەی 129 گیگابایتە.





# كەتلی هەتاوی ئاو دەكوڵێنێ و خاوێنی دەكاتەوە

ئەندازیارێكی بەریتانی كەتلێیەكی هەتاوی بەرهەم هێناوە كە وزەی پێویست بۆ گەرمكردنی ئاو لەو كاتانەی كە هەلێكی زۆر لەبەر دەست خاوەنەكەی دایە لە هەتاو وەردەگرێت، ئەو كەتلییە بۆ شوان و گەشتیار و پێشمەرگە و كەسانی نیزامی زۆر گونجاوە، بەهۆیەی شوێن هەیە كە هیچ كەرەسەیەكی بۆ كردنەوەی ئاگر نییە، وەك بیابان و دەشتایی بەڵام تیشكی خۆر هەیە ئەم كەتلییە لەكاتی وادا زۆر سوودمەندە.

كەتلییەكە ئاوە گەرمەكە وەك فلاسك (ترمز) بۆ ماوەیەكی زۆر وەك خۆی رادەگرێت، گرنگی كەتلییەكە هەر لە گەرمكردنی ئاودا نییە بەڵكو ئاوەكە "سترلیزە" واتە خاوێن دەكاتەوە لە میكرۆب و مادەی كانزایی وەك خوێ، ئەگەر ئاوی دەریا یان رووباری تێبكرێت ئاوەكە پاك دەكاتەوە. هەرچەندە لەناوەوە كەتلییەكە ئاوەكە گەرم دادەێنێ، بەڵام رووكەشی دەرەوەی كەتلییەكە هیچ گەرمدانایەت تەنانەت ئەوكاتانەی كە ئاوەكە دەكوڵێت هەروەك خۆی فێنكە، كێشی كەتلییەكە 1.2 كیلۆگرامە و نیو لیتر ئاو دەبات، داهێنەرەكەی دەڵێت كەتلییەكە هەتا 25 ساڵ گەرەنتی هەیە و جگە لە ئاو كوڵاندنیش دەكرێت لەكاتی پێویستدا هێلكەشی پێبكوڵێندرێت.







## سایتێک بۆ سکانکردنی فایلەکان لە ڤایرۆس

VIRUS TOTAL

ئەنتەرنێت گەر ناوەندێکی گەورە یـــان زانکۆیەکـــی گـــەورە بێت بۆ فێربوون دەکرێت مەکۆیەکی خراپیش بێت بۆ تێکــدان و خراپکاری. ئایا ئەو فایلانـــەی کە لـــە ئینتەرنێت وەریدەگریـــت لێیـــان دڵنیایـــت کە ڤایرۆسیان تێدایە یان نا؟ یان بۆچی بەرلـــەوەی کە فایلێك بۆ کەسـێك بـــەرێ دەکەیـــت لەســـەرەتاوە لێی دڵنیانەبیـــت کە ڤایرۆســـی تێدایە. سایتی http://www.virustotal.com ئەو ســـایتەیە کـــە لەلایەن گوگڵەوە دانـــدراوە بەشـــێوەیەکی ئۆنلایـــن دەتوانێت ئـــەو فایلانەی کەلەســـەر کۆمپیوتەرەکەتن یان ئەو فایلانـــەی کە لـــە ئینتەرنێت دایان دەبەزێنیت ســـکان بکات لە ڤایرۆس و پرۆگرامـــی تێکدەر. دیارە گەلێك ســـایت هەن کە ئـــەم ئەرکە ئەنجام دەدەن بـــەڵام خزمەتگوزارییەکانـــی ســـایتی ناوبراو گەلێـــك زیاترن و سایتەکەش لە سکانکردندا خێراترە.

## خێراترین فلاش میمۆری لەلایەن ئەنتەڵەوە




ئەنتـــەڵ کۆمپانیایەکی مەزنی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالییە و بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی پرۆسیســـەر و هـــارد و پارچەکانی دیکەی کۆمپیوتەرەوە مێژوویەکی هەیە. لەم رۆژانەدا خێراترین فلاش میمۆری بەرهەم هێنا.

فلاش میمـــۆری کە بۆ هەڵگرتن و راگواســـتنی داتـــاکان لە ریزی یەکەمدایە، چونکە هەم هەڵگرتنی ئاســـانە و هـــەم داتایەکی زۆریش لەخۆیـــدا جێدەکاتـــەوە. فلاش میمۆری لە شـــوێنی USB دەخرێت، بـــەڵام فلاش میمۆرییە خێراییەکە لە شـــوێنی کێبڵی تاندەربوڵت کە تەکنەلۆژییەکـــی نوێیە و زیاتـــر کۆمپیوتەرەکانی ئەپڵ و هەندێك مەزەڵبۆردی پێشـــکەوتوودا هەیە، فلاش میمۆرییەکە 128 گیگابایـــت لەخۆیدا خەزن دەکات و لە ســـتایلی کلیل دەچێت، دەتوانێت 10 گیگابایت لە یەك چرکەدا لەخۆیدا خەزن بکات، واتە زیاتر لە دوو دی ڤی دی.

## وێبکەمی لاپتۆپ ژیرۆک دەبێت

ئەنتەڵ لەو پێشـــانگای ســـاڵانەی کۆمپیوتێکس کە لە شـــاری تایبەی تایوان بەرێوە چوو، هەســـتەوەرێکی زۆر نوێی بەناوی Creative senz3D نیشـــاندا، بەهۆی ئەو سینســـەر یا هەستەوەرە کە لە شـــوێنی وێبکەم واتە کامێـــرای لاپتۆپ دەخرێـــت دەتوانرێت هـــەر جوڵەیەك بکەی وێبکەمەکە بە شـــێوەیەکی هۆشمەند وەریبگرێ. هەروەك ئیکس بۆکســـی گەیمەری مایکرۆســـۆ فت، بۆ نموونە لە گەیمەیەکـــی ئەلکترۆنیدا کارەکتەری گەیمەکە دەبیتـــە خودی خۆت و هەر جوڵەیـــەك بکەیت کارەکتەری گەیمەکە ئەوە ئەنجام دەدات، گەر دەســـتی راســـتت بەرز بکەیەویشە ئەویش هەر ئاوا دەکات ئەو هەستەوەرەی ئەنتەڵ جگە لەوەی کە ئەندامەکانی جەســـتەی مرۆڤ دەناسێ سیســـتەمی ناساندنی دەنگیشـــی هەیە، واتە گەر بڵێیت کۆمپیوتەرەکە بکوژێتەوە، دەیکوژێنێتەوە.

# سیستەمی ئەندرۆید بۆ کۆمپیوتەریش گوازرایەوە

سیستـــەمی ئەندرۆیـــد کـــە مێژووەکەی بە بـــەراورد بە سیستەمەکانی دیکە کەمترە، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا شوێنی خۆی کردۆتەوە، هەرچەندە ئەو سیستەمە لەم سەردەمەدا زیاتر لە مۆبایلە هۆشمەند و تەبلێتەکاندا سوودی لێوەردەگیردرێت. پێدەچێت بە یەکەم هەنگاوی کۆمپانیای ئەیسەر سیستەمەکە بۆ کۆمپیوتەریش بگوازرێتەوە.

کۆمپانیای ئەیســـەر یەکەمیـــن کۆمپیوتەری یەکپارچەی بە سیســـتەمی ئەندرۆید بەرهەم هێنا، کۆمپیوتەرەکە کە بە جۆری DA220HQL ناســـراوە، شاشـــەکەی 21,5 ئینجە و فوول ئیچ دیبە و تەواو لەمســـییە. کوالیتی نیشاندانەکەی زۆر بەرزە. سیســـتەمی ئەندرۆیدی 4ی لەسەرە. رامەکەی یـــەك گیگابایتـــە و هاردەکەی 8 گیگابایتە. ســـپیکەر و وای-فای و شـــوێنی HD هەیە و ماوس و کیبۆردەکەشی وایەرلەیسە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەری بەڕێز پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش دەپرسێت، چۆن دەکرێـــت بەبێ مـــاوس تەنیا لە ڕێگای کیبـــۆردەوە بکرێت هێمای ماوسەکە بجوڵێندرێت، ئایـــا دەکرێت هێمـــای ماوس لەسەر شاشە بە کیبۆرد جوڵەی پێ بکرێت؟

خوێنـــەری بەڕێـــز راســـتە ماوسی کۆمپیوتەر ئەرکەکانی کۆمپیوتەر ئاسان دەکاتەوە، بەڵام لەو کاتانەی کە ماوســـەکەت تێکچووە و پێویستت بە ماوسە دەکرێت لە کیبۆرد بەم شـــێوەیە جێـــگای مـــاوس بگرێتەوە. لەســـەرەتادا 8 جـــار دوگمەی شیفت shift دابگرە، دوای ئەوە ماوس قفڵ دەبێت و بە هێمای سەهمەکانی سەرێ و خوارێ و چەپ و راست دەکرێت هێمای ماوسەکە جوڵە پێ بکەی.

# پرۆگرامێک بۆ جیاکردنەوەی وێنە لە باکگراوەند




جیاکردنـــەوەی وێنە لـــە باکگروەند یەکێکە لـــە کارەکانی گرنگی بواری گرافیك و نەخشەسازی رۆژنامە و گۆڤارەکان، ئـــەم ئەرکە لەلایـــەن پرۆگرامێکی بەهێـــزی گرافیکی وەك فۆتۆشۆپ ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێویستی بە زانیاریی زۆرە و بەکارهێنەرێکی ئاســـایی ناتوانێت ئەم ئەرکە ئەنجام بدات. بەڵام گەر دەتەوێت بەئاسانترین شێوە ئەم ئەرکە ئەنجام بدەیت، پرۆگرامـــی Picture Cutout Guide یەکێکە لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە. ئێوە دەتوانن بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی وێنە لە باکگراوەند جیا بکەنەوە.

هەندێـــك لە تواناکانـــی پرۆگرامەکە بریتیـــن لە: بوونی چەندین ئیفێکتی جوان بۆ باکگراوەند. بچووکی پرۆگرامەکە، جیاکردنەوەی وێنە لە باکگراوەند، بوونی فیلمێکی تایبەت بۆ فێرکردنی ئەوانەی کە شـــارەزا نین. سڕینەوەی باکگراوەند بە ئاسانترین شێوە. توانای مونتاژکردنی وێنە.

